## کورد پۆلیسی کوردستانە!

سیروان کاروانی

کورد، مێژووویەکی پڕ لە شۆڕش. کورد، مێژووویەکی پڕ لە ئاشبەتاڵ. کورد، مێژووویەکی پڕ لە خوێنبەخشکردن. کورد، مێژووویەکی پڕ لە قوربانی. کورد، مێژووویەکی پڕ لە گەنجلەدەستدان. کورد، مێژووویەکی پڕ لە سووتماک. کورد، مێژووویەکی پڕ لە شکست و کوێرەوەری. کورد، مێژووویەکی پڕ لە سیاسەتی دۆڕاو.

ئەمانە هەموو بە خوێنی ڕۆڵەی کورد گەورە کراون و بالایان کردووە و سەرەنجام تووشی جۆرەها نسکۆ بوونە. هەر کامێک لە شۆڕش و سەرهەڵدانەکان بگری، لەویی تر زیاتر لاوی بە قوربان بووە و داهاتوویشی ڕوون نەبووە. هەر چۆنێک بێت، ئەو خوێنانە بە مەبەستی ئازادیی خاکی کورد ڕژاون، هەر نەبێ لە لایەن خۆبەختکەرەکانەوە.

لە خوارووی ولاتی کورددا، عەیامێکە کورد وەخۆ هاتووە و ژمارەیەکی زۆر شۆڕشی تێدا کراوە. ئەو شۆڕشانە کە یەک لە دوای یەک پەیدا بوونە، نەیانهێشتووە خەبات لەو خاکەدا پسانەوەی هەبێت.

خاکی کورد و عێراقی تا ڕادەیەکی بێ سەددامی ئەمڕۆ، ڕەوشێکی تری هێناوەتە کایەوە. ئەو ڕەوشە لە هەموو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بە جۆرێک ڕەنگدانەوەی هەیە و هەموو ولاتانی دراوسێ لە ئایندەی خۆیان دەروانن.

لە شارەکانی عێراقدا، ئالۆزییەکی زۆر کوچە و کۆلانەکانی شارەکانی گرتۆتەوە. ئەو ئالۆزییە دەکرا بەرتەسکتر بێتەوە ئەگەر ئەو ئەنجوومەنی دەستەلاتەی کاتیی کە عێراق بەڕێوە دەبەن، جێگای متمانەی یەکتری بوونایە. بێگوومان، ئەو ڕەوشە ئالۆزە تا ئایندەیەکی نادیار هەر بەو شێوەیە دەمێنێتەوە.

ئەوەی لێرەدا سەرج دەدرێت، ئەوەیە کە یەک تاقە پێشمەرگەی کوردنابێ ڕوو لە شارەکانی خوارووی عێراق بکات بە مەبەستی دابینکردنی ئەمن و ئاسایش. شکی تێدا نییە، کە ئەمە لە لایەن زۆربەی خەڵکی کوردەوە ڕەت دەکرێتەوە و هەر بەو شێوەیەش لە لایەن خەڵکی عەرەبەوە ڕەت دەکرێتەوە. خەڵکی عەرەب، کورد لەوە بچووکتر دەزانن کە ئاسایشیان بۆ دابین بکات.

دەستەلاتدارانی سیاسیی کورد، دەبێ ژیانی پێشمەرگە بپارێزن. دەستەلاتدارانی سیاسیی کورد، دەبێ لێرە بەدواوە گوێڕایەڵی ویست و داخوازییەکانی گەلی کورد بن و لێرە بەدواوە چیی دە ملکەچی ئەو داواکارییانە نەبن کە لە غەیرە کوردەوە ئاراستەیان دەکرێ. دەستەلاتدارانی کورد، دەبێ لێرە بەدواوە ئاگایان لە بەر پێی خۆیان بێت و وا بە ئاسانی هەڵنەخلیسکێن.

گەورەترین هەڵەیەک کە کورد لە سەردەمی ئێستادابیکات، ئەوەیە کە پێشمەرگەی کورد بۆ شارەکانی خوارووی عێراق بنێرێ. سیاسەتی کورد دەکەوێتە هەڵەیەکی مێژوویی واوە، کە پەشیمانیی گەورەی بەدواوە دەبێت. کورد لە ئاستی بڕیارێکی وادا، دەبێ زۆر بەئاگا بێت و لە بڕیاری دەستبەجێ دەست هەڵگرێت.

ئەو بەشداریکردنەی کورد ئەمڕۆ لە ئەنجوومەنی حوکم و عێراقی عەرەبیدا، شتێکی کاتییە و نە کورد بەو شێوەیە دەتوانێ دەستبەرداری ناوچە کوردییەکان بێت و نە عەرەبە شیعە و سوننییەکان لێدەگەڕێن ئەندامە کوردەکان ئاسوودە لەسەر تەختەکانی خۆیان دابنیشن.

2003.10.30
و
2006.07.14